گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (4)، خەرمانان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاستی زمان لەنێو هۆنراوەکانی حەمەسەعید حەسەن دا

**پ.ی د. کوردستان موکریانی**
کۆلیژی پەروەردە و زمان/ زانکۆی لوبنانی فەرەنسی

## زانیاری توێژینەوەکە

وەرگرتن : ٢٠١٧/٦/٤
پەسەندکردن: ٢٠١٧/٧/٣٠
بڵاوکردنەوە: ٢٠١٧/٨/١٥
DOI:
10.25212/lfu.qzj.2.4.01

## وشە سەرەکیەکان:

*Poetry, woman, actor, poet, society, female, analogy.*

## پـوختـە:

**زمانی شیعری هەر شاعرێك برێتییە لە کۆمەڵێك وشەی هەڵبژاردەی نێو فەرهەنگی ئەو زمانەی هۆنراوەکەی پێ دەهۆنێتەوە. بەهۆی ئەم پەیڤە هەڵبژێردراوانە بوێژ ئەو بیرۆکەیەی هەیەتی ئارەزوومەندانە لەنێو دنیای شیعردا دایدەرێژێت و تابلۆیەك لە وشە پێشکەش بە خوێنەر و بیسەر دەکات.**

**لەم باسەی بەردەستدا هەوڵدراوە ئاستی زمان لەنێو چەند پارچە هۆنراوەیەکی حەمەسەعید حەسەندا بکۆڵدرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش تیشك خراوەتە سەر ئەو وشە دەربڕاوانەی چمکی ، دژواتا، دووبارەبوونەوە و لێکچوواندن و.. لەخۆیان دەگرن، کە بەهۆیانەوە ئاستی بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی شیعری بەرجەستە دەبێت.**

**ئەو وێنە شیعرییانەی بوێژ بەرێگەی وشەی فەرهەنگی تایبەت بەخۆیەوە دایرشتوون، تابلۆیەکی هونەری بینراون و بەڵگەی ئەوە دەدەن بەدەستەوە، کە حەمەسەعید حەسەن خاوەن فەرهەنگی وشەی شیعری تایبەت بەخۆیەتی..**

## پێشەکی

**لەگەڵ ئەوەی مێژووی زمانی نووسین لای ئێمەی کورد بۆ سەدان ساڵ تەنێ زمانی شیعر بوو. هەر شیعر دەربڕی ئەو باسانەبوون، کە شاعیر هەستی پێکردوون و بەپێی باری دەروونی و جۆری بیرکردنەوەی بە وشە تۆماریکردوون، کەچی بایەخێکی ئەوتۆ بە لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی شیعر نەدراوە، کە**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (4)، خەرمانان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شایەنی ئەو دیرۆکە دێرینەی بێت. لەو روانگەوە هەوڵمدا تۆژینەوەیەك لەسەر ئاستی زمان لەنێو چەند پارچە هۆنراوەیەکی بەڕێز حەمەسەعید حەسەن دا بکەم.

زمانی شیعر ئەو زمانە ئاساییە نییە، کە ئێمە بیری خۆمان بەهۆیەوە دەگەیەنینە بەرامبەرەکەمان و کەرەستەکانی دەوروبەرمانی پێ بەرجەستەدەکەین. راستە شاعیر هەر هەمان ئەو وشانە بەکاردێنێت، کە ئێمە رۆژانە لەگفتوگۆکردن و نووسین دا بەکاریدەهێنین، بەڵام شاعیر لە دەربریندا بە رادەیەکی جیاواز بایەخ بە واتا و راستینەی وشەکە دەدات، سەرلەنوێ زمان دادەڕێژێتەوە و دەیخەملێنێت و واتایەکی نوێی سەردەمانەی پێدەبەخشێت، لێرەدا ئاستی بەرزی بەکارهێنانی وشە لای شاعیر هەستپێدەکرێت.

بکەری کارای رووداوەکانی نێو هەر پارچە هۆنراوەیەك دەوری ئەرێنی و نەرینی هەیە. ئەوەی لای من سرنجراکێشە بەشێوەیەکی گشتی بکەر لای زۆربەی شاعیرانی پیاو، رەگەزێکی مێینەیە و ئۆباڵی هەموو ناهەمووارییەکیش خراوەتە پاڵ ئەو. حەمەسەعید حەسەن راشکاوانە هێندێك لەو گوناهانەی بەزۆری بەبەرۆکی مێینەوە کراون، خستۆتە سەر ئەستۆی خۆی، لێرەشدا وێنەیەکی نوێی دەربرینی هێناوەتەئارا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ تۆژینەوە لەسەر ئاستی زمان لەنێو شیعری کوردی دا و بۆ ئەم مەبەستە لەنێو وێنەی شیعری چەند پارچە هۆنراوەیەکی حەمەسەعید حەسەندا بایەخ بەو وشانە دەدەم، کە لە لێکچوواندن ، دژواتا، دووبارەبوونەوە دا بەکاری هێناون. بەرێگەی ئەو پەیڤانەی دەربڕی رەگەزەکانی درامای هۆنراوەن، ئاستی زمانی شاعیر لە خستنەرووی رووداو، بکەرانی رووداو، کەسیەتی و دیالۆگی نێوان بکەرەکان، جۆری بزاویان و کات و شوێنی رووداوەکان بەرجەستەدەبێت.

**وشە لە وێنەی شیعریدا**

وێنەی شیعری بنەمای دارشتنی هونەری جوانکاری شیعرە، کە هەر بەهۆیەوە هەست بە نرخی هەبوون دەکرێت. بەرێگەی بۆچوون و تێرامان و ئەندێشەی بەرفراوانی شاعیر لێزانینی لە هەڵبژاردنی وشەی فەرهەنگیدا، جۆری بیرکردنەوەی دەزاندرێت و کەسیەتی هونەریشی بەدیاردەکەوێت و رادەی ئەفراندنیشی بە باشی دەنوێندرێت.

دارشتنی هەر وێنەیەکی شیعری بەرێگەی وشەوە دەبێت. دارشتنی بیر بەپێی بابەت شێوەی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام لەنێو هۆنراوەدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە سۆز و ئەندێشەش تێکەڵاوی بیری دارێژراودەبن. هەر شاعیرێکی بەهرەدار لەرووی رۆشنبیرییەوە باش خۆی پێگەیاندبێت، شارەزایەکی باشی لە وشەی فەرهەنگی ئەو زمانەدا هەبێت، کە هۆنراوەکەی پێ دەهۆنییەتەوە، دەتوانێت خاوەنی شێوازی دارشتن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (4)، خەرمانان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**و خاوەنی وشەی تایبەتی خۆی بێت و بەم ڕێگەیە یەکسەر بەرهەمی بیری بناسرێتەوە، بۆ زانینی تایبەتمەندی شێوەی دارشتن و ئاستی زمان لای حەمەسەعید حەسەن سەرەتا لەسەر ئاستی وشە لێیدەکۆڵینەوە:**

**لێکچوواندن:**

**گرنگی لێکچواندن لەوەدا خۆی دەنوێنێت، کە واتای دەربڕاو ڕوونتردەکات و جەختیشی لەسەردەکات. لێکچوواندن پانتاییەکی فراوانی لە نێو هۆنراوەکانی بوێژدا گرتۆتەوە، بەڵام بە چمکێکی جیاواز لەگەڵ هەڵبەستوانانی کلاسیکدا.**

**حەمەسەعید حەسەن لێکچوواندنی نێو هۆنراوەکانی لە ڕاستینەی ماکی هەستپێکراوی دەوروبەری خۆی وەرگرتووە، بۆ وێنە چەند ئەندامێکی جەستەی خۆی بۆ ئەم هونەرە تەرخانکردووە، بەجۆرێك توانای شارەزایی خۆی لە زماندا بەکارهێناوە، دوورترین شتی لە ئەندامەکانی جەستەی خۆی نێزیککردۆتەوە و بەشێوەیەك دایرشتوون یەکەیەکی یەکگرتووی زیندووی لێ پێکهێناون، بۆ وێنە: دڵی بە نیشتمان، دەستی بە ستیان، برژانگی بە شانە و ئامێزی بە جۆلانە چوواندووە:**

ئەوە ***دڵم***،

وەرە بیکە بە ***نیشتمان***

××

هانێ ئەوە ***دەستەکانم***

وەرە بیانکە بە ***ستیان***

××

ئەوە ***شانەی برژانگی*** من،

وەرە قژی پێ دابێنە!

ئەوە ***جۆلانەی ئامێزم***

وەرە سەرخەوێ بشکێنە! (1)

**هەر لە بواری لێکچوواندندا بوێژ لە پارچە هۆنراوەی *نامەیەکی چاوبەخوێن* دا زۆر وەستایانە ئەو کارەسات و ڕووداوە مێژووییانەی لەسالآنی رابردوودا ئێمەی کورد پێیدا تێپەریوین خستۆتە ژێر ركێفی بیری خۆی و باری تایبەتی خۆی تێهەڵکێشی زاراوەی مێژوویی وەك: *کۆڕەو، براکوژی و ئەنفال* کردووە ولێکی چوواندوون و وێنەیەکی زیندووی بۆمان ئەفراندووە:**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (4)، خەرمانان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە جێت هێشتم

وەك منداڵێکم بەسەرهات

لە ***کۆرەو***دا

دایك و باوکی ون کردبێ

وەك پێشمەرگەیەکم لێ هات

رێژنەی گوللەی ***براکوژی***

هەموو جەستەی کون کردبێ

× × ×

دوای تۆ خۆم وەك گوندێ بینی

***ئەنفال*** سیمای شێواندبێ (2)

***دژواتـــا***

دوو زاراوەی ئەزەلی *خێر و شەڕ*، کە هەردەم ئامادەییان هەبووە و هەیە و ململانێی نێوانیان نابڕێتەوە. بوێژ زۆر فەلسەفییانە وشەی دژواتای لەیەك بیرۆکەدا دارشتووە و لەگەڵ یەکی گونجاندووون. وێنەیەکی شیعری نایابی لێ نەخشاندووون:

بیستووتانە ***وڵاتێکی داگیرکراو***

تامەزرۆی ***رزگاری*** نەبێ

ئەوە منم

××

کە ون دەبی

بیرت دەکەم،

***دوژمنە خۆشەویستەکەم*** (3)

***دووبارەبـوونـەوەی وشە***

وشەی ***بـا*** سێ جار لە پێنج دێڕی یەکەمی پارچە هۆنراوەی ***بۆ ژنێکی لەچکدار***دا دووبارە بووەتەوە.وەنەبێت ئەم دووبارەبوونەوە لەپێناو پاشبەندی پارچە هۆنراوەکە بێت، یان هێمای بۆ ئەوە کردبێت، کە بایەکی ئەوەند بەهێز هەڵیکردووە، هەر بەردەوامبووە و نەبڕاوەتەوە. بەڵکو لەم پارچە هۆنراوەیەدا وشەی بـا لەو هەر سێ دێڕەی بەکارهاتووە، هەریەکەی مانای تایبەتی خۆی بەخشیوە:

وشەی ***بـا*** لە جاری یەکەمدا خراوەتەپاڵ وشەی هەناسە، کە ناوە و پێکەوە وشەیەکی لێکدراویان دارشتووە و لەبەکارهێنانی هەناسەدا بەدیاریخستووە، کە مەبەستی هەناسەیە، نەك واتایەکی دی، بەمە لەهەموو جۆرە واتایەکی دی جوداکردۆتەوە.

وشەی ***بـا*** لە جاری دووەمدا خراوەتەپاڵ وشەی ***دەچێ***، کە کارە و پێکەوە بە هاوکاری ئامرازی پێوەندی ***بـە*** فرێزێکی ناوی ـ کارییان لەشێوەی ***بە با دەچێ*** دارشتووە و بەهەرسێکیان واتایەکی نوێیان بەخشیوە، کە لەم هۆنراوەیەدا واتای نەمان و لەنێوچوونی خەم و خەفەتی شاعیر دەگەیەنێت.

وشەی ***بـا*** لە جاری سێیەمدا هەر بەتەنیا هاتووە، لێرەشدا واتایەکی دی دەبەخشێت، کە مانای ***هەتا ئەگەر*** دەگەیەنێت.

دووبارەبوونەوەی وشەی ***بـا*** بۆ سێ جاران، بەڵام بۆ بەخشینی مانای جیاواز لەپاڵ جوانکاری بووەتە مایەی دەوڵەمەندبوونی بیر و چڕی واتا و لە هەمانە کاتدا هارمۆنییەکی سازیشی پێکهێناوە:

تەنیا بە ***بـا***ی هەناسەی تۆ
بە ***بـا*** دەچێ
تەمی خەم و خەفەتی من
نوێنی مردن
***بـا*** لە تووکی (قوو) یش بێ زبرە (4)

لە کۆپلەی سێیەمی پارچە هۆنراوەی ***بـەراورد*** دا دووجار وشەی ***کەسێ ، ژیابێ و جێیان دێڵێ*** هاتوون، بوونەتە کەرەستەی پێکهێنەری سەرەکی دارشتنی وێنەی بەراوردکاری، راستە ئەم وشانە لەهەردوو کۆپلە شیعردا کەوتوونەتە کۆتایی دێڕە هۆنراوەکە ، بەڵام مەبەستی بوێژ ئەوەند لەبەر سەروا نەبووە، ئەوەندەی مەبەستی لە واتای جیاوازبووە، ئەویش بە کێشانی وێنەی هەڵسەنگاندنی دووجۆرە مرۆڤە لەنێو کۆمەڵدا:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (4)، خەرمانان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**یەکێکیان هەر بۆخۆی ژیاوە، بۆیە ئەو ئاسەوارەی بەجێیان دەهێڵێت، ئەو بەها و نرخەیان نییە، کە ئاسەواری کەسێك بۆ کۆمەڵ و دەوروبەری و بۆ مرۆڤایەتی ژیابێت، ئەوا یادگارەکانی دەبن بە مایەی نەمری کەسەکە، بەمجۆرە دید و بۆچوونی بوێژ لەگەڵ دیدی کەسانێك، کە بۆخۆیان دەژین، زۆر بەئاشکرا دەترازێت:**

ئەو ئاسەوارانەی ***کەسێ***
تەنیا هەر بۆ خۆی ***ژیابێ***
***جێیان دێڵێ*** ،
دەستیان ناگاتە داوێنی
ئەو یادگارانەی ***کەسێ***
لە ڕێی خەلکیدا ***ژیابێ***
***جێیان دێڵێ*** (5)

***جۆری دارشتنی وێنەی شیعری***

**دارشتنی وێنەی شیعری لەسەر شێوەی دارشتنی بازنەیی، یان دارشتنی درامی دەبێت، زۆربەی شیعرەکانی حەمەسەعید حەسەن لەسەر شێوەی دارشتنی درامی بنیاتنراون، بۆ لێدوان لە جۆری دارشتنی دراما و سیماکانی لەنێو هۆنراوەکانی شاعیری نێوبراودا پارچە هۆنراوەی *ناڵەی سوارێکی گلاوم* بە وێنە هێناوەتەوە و لەو ڕەگەزانەی درامام کۆڵیوەتەوە، کە دەقە شیعرییەکە لەخۆی گرتوون.**

***هۆی هەڵبژاردنی پارچە هۆنراوەی ناڵەی سوارێکی گلاو***

**هەڵبژاردنی پارچە هۆنراوەی *ناڵەی سوارێکی گلاو* م لەبەر ئەم هۆیانەی ژێروو لەرووی دارشتنی درامییەوە خستە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە:**

**- بابەتی ڕوودراوی نێو ئەم پارچە هۆنراوەیە، کە کۆتایی هێنانە بەچیرۆکی خۆشەویستی، لەنێو بەرهەمی بیری شاعیرانی ڕابردوودا هەبووە، ئێستەش مرۆڤ هەیە بەدەستێوەی دەناڵێت. هەتا ژینیش بەردەوامبێت لە داهاتوودا دووبارەدەبێتەوە. کەواتە ڕووداوەکە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی زیندووە و شایەنی لێکدانەوەیە.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (4)، خەرمانان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ـ هەڵوێستی زۆربەی هەرەزۆری شاعیرانی سەردەمانی پێشوو، هەروا هاوچەرخ بۆ بەردەوامنەبوونی خۆشەویستی و باری لێکدابڕانی دڵداران وەك هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دزێو بۆ رەگەزی مێینە دەگەرێندرێتەوە! ئایا هەردەم وایە؟

ـ جیاوازی بیری شاعیر لەگەڵ شاعیرانی پێش خۆی لەبەرامبەر روودانی رووداوی درامای ئەم دەقە شیعرییە، کە لێرەدا شاعیر لەنێو دیالۆگی دەقەکەدا هەر تەنیا رەگەزی مێینەکە بە بکەری رووداوەکە دانانێت، بەڵکو خۆشی بکەری رووداوەکەیە، ئەمە جیاوازییەکی دیارە لەگەڵ بیری زۆربەی پیاوانی دی کورددا.

### ***رەگەزەکانی دراما لەنێو هۆنراوەی نالەی سوارێکی گلاو دا***

***رووداو:***

بوێژ چەند رووداوێکی هێناوەتە نێو ئەم پارچە هۆنراوەیە و لێیان دواوە، وەستایانە هەمووی بە زمانێکی پاراو و وشەی گونجاو دارشتووە و لە هەمان کاتدا بە خودی خۆیەوە پێوەستیکردوون.

رووداوەکان دوو جۆرە رووداون:

1 ـ رووداوی سروشتی، کە لە کۆپلەی یەکەمدا وێنەی کێشاون وەك: داکردنی باران، هەڵکردنی شەماڵ ، داگیرساندنی ئەستێرە و زەرەر و زیانی زریان، کە هەمووی بۆ وەسفکردنی ئەو رووداوە هێناوەتەوە، کە خۆی پێیدا تێپەریوە.

2 ـ رووداوی کەسی، کە پێوەندی نێوان خۆی و کەسی دووەمی تاك دەگرێتەوە و لەنێو هەموو هۆنراوەکەدا لێیدواوە.

کۆپلەی یەکەم سێ باری لێك جیاوازی شاعیر دەنوێنێت، کە بەرێگەی هێنانەوەی رووداوە سروشتییەکان وێنەیانی نەخشاندووە و مەبەستی سەرەکیشی لەم دیمەنانە پێشاندانی چۆنیەتی گۆرینی دۆخی هەبوونی شاعیرە:

1) دۆخی شاعیر بەر سەرهەڵدانی ئەڤینی ـ بەشەو چوواندووە.

2) دۆخی سەرهەڵدانی ئەڤینی ـ بە داگیرسانی ئەستێرە ـ رووناکی چوواندووە.

3) دۆخی کۆتایی پێهاتنی ئەڤینی ـ بە هەڵکێشانی درەختی بوونی چوواندووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (4)، خەرمانان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەتای گێرانەوەی ڕووداوەکە بە چەند دیاردەیەکی سروشتی وەك باران، شەماڵ و ئەستێرە بەستۆتەوە، کە هەر هەموویان واتای پۆزەتیف دەبەخشن، کەچی یەکسەر هەر لەدوای ئەم ڕووداوانە هەواڵێکی ناخۆشمان پێرادەگەیەنێت ، کە بە وشەی زریانی بەستۆتەوە.

شاعیر لە کۆپلەی یەکەمدا سەرەتا، ناوەڕۆك و ئەنجامی درامای ئەم پارچە هۆنراوەیەمان لەسێ وێنەی جیاوازدا دەخاتە بەردەست.

لە کۆپلەی دووەمی پارچە هۆنراوەکەدا شاعیر وێنەیەکمان بۆ دەکێشێت، کە کاتەکەی دەگەرێتەوە نێوان کاتی سەرهەڵدان و دەمی کۆتایی پێهاتنی ئەڤینی و تێیدا ناخی دەروونی خۆی بەرامبەر بە کەسی دووەمی تاك پێشاندەدات و بەشێنەیی ڕادەی متمانەیی خۆی بۆ دڵخوازەکەی دەگێڕێتەوە و ئاماژە بە پیرۆزی عیشقی نێوانیان دەکات، بۆیە هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووە، کە ئەم عیشقە خوداییە کۆتایی پێبێت.

لە کۆپلەی سێیەمدا هۆی ڕوودانی کۆتایی هاتن بە چیرۆکی ئەوینییان دەگێڕێتەوە، کە کەسی دووەمی تاکە، هەڵبەت ڕەگەزێکی مێینەیە و بە فریودان تاوانباری دەکات.

هەر لەم کۆپلەیەدا شاعیر هەواڵێکی دیمان پێدەبەخشێت، کە زۆر پێوەستە بەخۆیەوە ئەویش ئەوەیە، کە بە ڕێگەی فریودانییەوە بۆی دەرکەوت، کە شاعرێکی خۆشبڕوایە!

لە کۆپلەی هەرەدواییدا وێنەی کاریگەری ئەنجامی ئەم ڕووداوانەمان بۆ دەکێشێت، کە شاعیر سوارێکی گلاوی بریندارە، کەچی بەهیچ جۆرێك کەسی دووەمی تاك بریندارناکات، بەڵکو لۆمەی خۆی دەکات.

## ***بــکــەری ڕووداوەکانی هۆنراوەی ناڵەی سوارێکی گلاو***

لە کۆپلەی یەکەمدا، کە وێنەی ڕووداوان و دیاردەی سروشت دەنوێنن، سێ بکەر بەشداری لە ڕووداوەکان دەکەن، کە برێتین لە: باران، شەماڵ، ئەستێرە. لەبارەی بکەری سێیەم لێرەدا پێویستە ئەمە ڕوونبکرێتەوە، کە چاو بکەرەکەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوەند کاری داگیرسان لەگەڵ چاو دا ناگونجێت، بۆیە چاوەکەی بە ئەستێرە چوواندووە و چاوی وەك ئەستێرە دنیای تاریکی ڕووناککردووە:

وەك باران

چۆن مۆڵەت ناخوازێ و دادەکا،

وەك شەماڵ

چۆن بێ پرس هەڵدەکا،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (4)، خەرمانان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئەستێرەی چاوی تۆیش**

**وا خۆرسك**

**لە شەوی ژینمدا داگیرسا،**

...

**بکەری کۆپلەی دووەم ، برێتییە لە کەس ، کە شاعیر خۆیەتی.**

**ئەوەندە متمانەم پێت هەبوو**

**لام وابوو**

**ئەوینمان عیشقێکە خودایی**

...

**بکەری کۆپلەی سێیەم لە دارشتنی دوو دێڕی سەرەتای پارچە هۆنراوەکەدا کەسی دووەمی تاك، کە مێینەیە و ئەو بکەری سەرەکی کۆتایی پێهاتنی چیرۆکی ئەڤینییە. کاری بکەرەکە فریودانە، بەڵام لە هەمان کۆپلەدا بکەرێکی دیش بەشداری لە کۆتایی پێهێنانی چیرۆکی ئەڤینیان دەکات، کە ئەویش شاعیرە خۆی، کە خۆشبڕوابووە.**

**ئەگەر تۆ وا ئاسان**

**فریوت نەدابام،**

**من چۆنم زانیبا**

**ئەوەندە خۆشبڕوام؟**

**لە کۆپلەی هەرەدوایی هۆنراوەکەدا دیسانەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە شاعیر بەشداری لە کۆتایی پێهاتنی چیرۆکی ئەڤینییان دەکات، بەڵگەش دانپێدانانێتی، کە باژی کاڵفامی خۆی دەدات.**

**سوارێکی گلاوی ئەنگاوتەم،**

**زەکاتی کاڵفامی خۆم دەدەم.** (6)

***کەسیەتی بکەرەکان:***

**لەم پارچە هۆنراوەیەدا چەند جۆرە کەسیەتییەك نواندراون:**

**1 ـ دیاردەکانی سروشت: باران، شەماڵ، تروسکەی ئەستێرە و زریان.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- كوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (4)، خەرمانان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2 ـ شاعیر خۆی، كە راستەوخۆ لەو بارە دەروونی ناهەموارەی خۆی دەدوێت، كە دووچاری بووە.

3 ـ خۆشەویستەكەی، كە كەسی دووەمی تاكە.

لەنێو ئەم سێ جۆرە پاڵەوانانەی نێو ئەم پارچە هۆنراوەیەدا دەبینین، هەر دەنگی شاعیر زاڵە بەسەر كەسەكانی دیدا.

***دیالۆگی نێوان بكەرەكان*** : بوێژ لەم پارچە هۆنراوەیەدا بۆ دەربڕینی ناخی دەروونی و بۆ گەیاندنی بە وەرگرەوە بەرێگەیەكی سانا، پەنای بۆ زمانی دیالۆگ بردووە. شاعیر بە وشەی واتادار و شیرین و زیندوو گفتوگۆ لەگەڵ كەسی دووەمی تاك كردووە و هەموو رازێكی دڵی خۆی بۆ ئاشكراكردووە. بوێژ لەم گفتوگۆیەدا راستگۆیانە و راشكاوانە لە خۆی و لە بەرامبەرەكەی دواوە و مەبەستی سەرەكیشی پەیداكردنی بەندیوارێكی بەتین لەنێوان ناوەڕۆكی هۆنراوەكە و وەرگرە، كە ئەویش بە رێگەی ململانێی هەموو جۆرە جموجۆڵێكی پێوەندی بە ناوەرۆكی هۆنراوەكەوە هەیە.

***جۆری بـزاوی بكەرەكان:***

شاعیر سەرەتا هۆنراوەكەی بەچەند بزاوێكی دیاردەی سروشتی باسكردووە ، وەك: باران ، شەماڵ و زریان كردوونی بە دەستپێكی بابەتی سەرەكی هۆنراوەكەی و ئەم دیاردانەش هەر هەموویان هێزی بزوێنەرن، بوێژ زۆر هۆشیارانە مامەلەی لەگەڵ كردوون، بۆیە توانیویەتی جووڵەی ئەم هێزە بزوێنەرانە بخوازێت و بیانگوازێتەوە بۆنێو ئەو دوو بزاوە گرنگەی لە ژیانیدا روویانداوە، كە برێتین لە: بزاوی سەرهەڵدانی ئەڤینی و دواتر بزاوی كۆتایی پێهاتنی، كە ئەم جووڵەی هەردوایی بوو بە مایەی جووڵاندنی بوونی ژیانی، وەك درەختێك لە رەگ و ریشەوە هەڵكێشرێت.

***كاتی رووداوەكان***

كاتی روودانی رووداوەكان بەم شێوانەی خوارەوە خۆی دەنوێنێت:

1 ـ بە پێی دەمكاتی ئەو كارانەی رووداوی رووداوەكان دەردەبڕن كات بۆ رابردوو دەگەرێتەوە، بەڵام رابردوویەكی نادیار، وەك: داكردنی باران، هەڵكردنی شەماڵ و..

2 ـ كاتی سەرهەڵدانی ئەڤینی بۆ هەڵاتنی ئەو ئەستێرەیە، كە لە شەوەزەنگی ژیانیدا لێیهەڵاتووە.

3 ـ بەرێگەی مامەڵەکردنی شاعیرانەی شاعیر لەگەڵ دیاردە سرووشتییەکانی وەك: باران ، شەماڵ ، زریان، ئەوە بەدەردەکەوێت، کە هەموو وەرزەکانی ساڵی لە یەك کاتدا کۆکردوونەتەوە و بۆ دەستنیشانکردنی کاتی روودانی رووداوی لێکدابڕانی لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەمی هەڵتەکاندن و هەڵکێشانی دار و درەختی هەڵبژاردووە، کە ئەویش وەرزی پایزە.

لەگەڵ ئەوەی ئەم سێ جۆرە کاتانە لە هۆنراوەکەدا بەدیدەکرێن، کەچی هیچیان کاتی رووداوی هەژێنەر و بزوێنەری خولقاندنی پارچە هۆنراوەکە، کە لێکدابڕانە نازاندرێت کەی بووە؟

***شوێن*** : نەبینراوە، بەڵام هەستپێکراوە، کە ئەویش خودی بوونی شاعیرە.

## ئـەنـجـام

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ تۆژینەوە لە ئاستی زمان لەنێو بەرهەمی بیری شاعری کورددا.

حەمە سەعید حەسەن بەرێگەی دەوڵەمەندبوونی لە وشەی فەرهەنگی و شارەزایی لە هەڵبژاردنی پەیڤەکانی بۆ بیری دەربڕاوی و هەروا ئەو رۆشنبیرییەی ، کە هەیەتی توانیویەتی وێنەی جوان لەنێو دنیای تەلیسماوی شیعردا دابڕێژێت. هەر پارچە هۆنراوەیەکی بوێژ تابلۆیەکی رەنگینە، هەست بە بابەت و رەنگ و دەنگی دەکرێت.

حەمەسەعید لەرێگەی هونەری لێکچوواندن، دژواتا و دووبارەبوونەوەی وشە جوانترین وێنەی شیعری دارشتووە.

بکەری رووداوانی وێنە شیعرییەکان چی خودی شاعیر خۆی بێت، یا کەسێکی مێینەی پاڵەوانی خەونەکانی، یان دیاردەی سروشتی و.. بن، زۆر لێزانانە و هونەرانە بە وشەی گونجاو خۆشی و ناخۆشی ئازاری رۆحی بکەرەکانی دارشتووە.

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە حەمەسەعید حەسەن خاوەن زمانێکی شیعری پاراوە. ئاستی زمانی یەکجار بەرزی هەیە لە بواری بەکارهێنانی وشە و فرێز، کە پڕاوپڕی ئەو بیرۆکە و بابەتەیە، کە لێی دواوە. ئەم جۆرە دارشتنانە بەشدارییەکی کارای لە پێشاندانی باری دەروونی شاعیر کردووە، کە لەرێگەی وشە و فرێزەوە بەرجەستەیکردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (4)، خەرمانان 2017
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پەراوێز و سەرچاوە:**

1/ **حەمەسەعید حەسەن. *ئەڤیننامە. چاپی دووەم. هەولێر 2011 ل. 16***
2 / **سەرچاوەی پێشوو. *ل. 16***
3 / **سەرچاوەی پێشوو.** ل. 16
4/ **حەمەسەعید حەسەن. *چۆن دڵت هات جێیم بهێڵی. هەولێر 2011 ل. 35***
5/ ***ئەڤیننامە ل.108 و 109***
6/ **سەرچاوەی پێشوو.** ل. 51 ـ 530
/7 К. р. Эйюби. И.А. Смирнова. Курдский Диалект Мукри. ленинград 1968.
8/ **کوردستان موکریانی. ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا. سلێمانی** 1987
9/ **کوردستان موکریانی. ناو لە رستەی کوردیدا. کۆڤاری زانکۆ. ژمارە** 1**. بەرگی** 7**. سلێمانی** 1981
10/ **کوردستان موکریانی. ئاوەڵناو لە رستەی کوردیدا . کۆڤاری کاروان. ژمارە 5 . هەولێر** 1983
11/ **کوردستان موکریانی. سینتاکسی رستەی سادە لە زمانی کوردیدا. بەغدا** 1986
12/ **کوردستان موکریانی. سینتاکسی رستەی کوردی. هەیرنفەین** 1997**. هەولێر** 2000
13/ **د. وریا عومەر ئەمین. ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم. هەولێر** 2004
14/ **دوکتۆر مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. هەولێر. چاپی دووەم** 2010
15/ Boogaard, Marianne, and Janssen, Mathilde. *Alles wat je altijd al had willen weten over taal: De taalcanon.* Amsterdam: J.M. Meulenhoff, 2012. .

**الملخص**

يتناول البحث دراسة مستوى اللغة في النتاج الشعري للشاعر حمەسعيد حسن. من خلال البحث تبين ان للشاعر حمەسعيد حسن القدرة الشعرية على استخدام المفردات والتراكيب اللغوية التى تتلائم مع المواضيع المطروحة في أشعاره. بما أن الصورة الشعرية هي إحدى مكونات البناء الفني للقصيدة، نجد ان الشاعر قد برع في الصور التشبيهية وانتزع تشبيهاته من واقعه المادي المحسوس، وما يتعلق بالإستعارة والتي هي أيضاَ إحدى وسائل الصورة الشعرية، نجد الشاعر لجأ في إستعارته إلى الألفاظ التي تسهم في بناء

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (2) - ژمارە (4)، خەرمانان 2017
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الصورة الشعرية. من المألوف إن الفاعل في معظم أحداث القصائد المطروحة التي تمس مفردات: الخيانة، الفراق والهجرة و.. ينسب الى الجنس اللطيف، بينما نجد الشاعر حمةسعيد حسن يحشرنفسه كفاعل أيضاً، ولكن بمفهوم عدم الإدراك. فاعل الحدث، نوع الحدث، زمان ومكان و.. الحدث صيغت بعبارات تبرز قدرته اللغوية ومهارته الفنية التي مكنته أن يولد من بعض الألفاظ معاني جديدة، كل هذا دليل على المستوى اللغوي الرفيع للشاعر حمةسعيد حسن..

## Abstract

This paper deals the level of language in the output poetic of the poet Hama Saeed Hassan. This paper shows us the poet has the capability poetic to use such vocabularies and linguistic structures that fit with the issues that deals in his poems. As the poetic image is one of the technical buildings of the poem ingredients, we will conclude the poet had excelled in the images simulations, and snatched similes from the material perceived reality. In addition, the metaphor was another focus in his forms of poetry, which is why taking in metaphors, those words that contribute to the construction of the poetic image. As it is Knows, the subject in all of the poetic, deals those sorts of vocabulary: Betrayal, separation, immigration… all of them, belong to womankind, however, the poet classify himself as a subject in it, but in the shadow of concept non-perception. Add to this, the subject of event, the type of event, and the event time are drafted in the way to highlight his linguistic ability and technical skill. So, all of that, make it him deliver the meaning of meaning and new meanings of words. To sum up, all of above are proof of his linguistic knowledge and ability in the poet.